کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-10-2007 22:56بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**لە پەراوێزی کۆنگرەی دووەمی ناوەندی چاک، چەند سەرنج و تێبینیەک. ... قادر نادر**

ئەگەرچی کاری ڕێکخراوەیی ناوەندی چاک وا لەنێو 6 مینساڵی تەمەنێتی، کە وەک هە ر پارت و



ڕیکخراوێکی تر هەوراز و نشێوی خۆی بڕیوە، بەتایبەتی لە دوای کۆنگرەوە، کارو چالاکیەکانی بەڕادەیەک فراوان بووە کەدەتوانێت لە یەک کاتدا لە چەندین وڵات خۆپیشاندان و کارو چالاکی تر ئەنجام بدات. بەڕای بەندە هۆکارە سەرەکیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەوەیەکی نوێ لە چاک هاتۆتە مەیدان، کە بوێر و مەیدانیە لە کارو چالاکیەکاندا، وەبەداخەوە بە شێک لە ئەندامان، بەتایبەتی ئەوانەی مێژویەکی کۆنیان هەیە، ناتوانن هەزمی ئەو ڕاستیە بکەن.

دەبێت دان بەو ڕاستیەش بنێین، کە چاک تاپۆ نیە تاسەر بۆ هیچ کەس و گروپێکدا، بەڵکو موڵکی ئەو کەسەیە کە کاری تیا دەکات و سەرکەوتوانە بەڕێوەی دەبات، تا ئەوکاتەی نەوەیەکی دلسۆز لە بنەماڵەی قوربانیانی دۆزی کۆمەلکوژی کورد، سەرپەرشتی دەکەن.

ناوەندی چاک بەهۆی ئەوەی کاری مەیدانی دەکات، بێگومان کەم وکورتی خۆشی هەیە، بەڵام ڕێگری بۆ کارو چالاکی مەیدانی لەکەس نەکردوە، وە لەزۆربەی کاتەکاندا سەرباری ئەوەی هەریەکەی کارو چالاکی تری لەبەردەست بووە، بەپێی توانا، هاریکاریش کراون. بەنمونە مستەفای حەسەن گەورە سالی پار تەنیا ئەندام بوو، کە چی توانی گەورەترین دیواری ترس بشکێنی و لەگەل خەلکی شۆڕشگێری سەنگەسەرو ڕانیە و قەلادزێ، سکالا، لەسەر تاوانبارێکی وەک عەباسی بایز ئاغا تۆمار بکات، کەدەتوانین بلێین پێشوتر چاک زۆر باسی لەدادگایی جاشەکانی دەکرد، بەلام قەت وردی نەکردبۆوە و هەنگاوی مەیدانی بەم شێوەیە بۆ نەهاوێشتبوو، هەر ئە مەش وای کرد لە کۆبونەوەی سالانەی چاک دانیمارکدا، ببێتە بەرپرسی ئەم وڵاتە.

دیارە سەرجەم کارو چالاکیە هەمەرەنگەکانی چاک، وای کردوە ئەگەر لەلایەکەوە ببێتە خۆشەویستی خەلک، بێگومان لەبەرامبەر یشدا نەیاری بۆ پەیدا ببێت، لە دەسەلات و ئەو کەس و لایەنانەی کە خۆیان ناتوانن کارو چالاکی بکەن، ئیتر بەکێشە دروست کردن بێت یان بە دروشمی بریقەدار و ڕەخنەی سەیرو بریندارکەر بەرەو ڕوی ببنەوە. لەکاتیکدا دەرگای کارو چالاکی کردن بۆ ئەم دۆزە لەبیر کراوە، بۆ هەمومان ئاوالەیە و پێویستی بە چەندین ڕێکخراوی وەک چاک هەیە کە دەیان سالی ترهەمومان کاری بۆ بکەین. مەگەر وێنەی خەباتی ئەرمەنەکان نابینین، دوا ی 97 سال هێشتا تۆلەی سیاسی خۆیان لەولاتی تورکیا نەکردۆتەوە؟؟

لە 2 سالی ڕابردودا کە خۆپیشاندانمان بۆ بەردەم سەفارەتەکانی میسر بەڕێخست، کەسان و گروپی توندرەوی چەپی عێراقی، بە ڕێکخراوێکی ڕاسیستیان لە قەلەم داین، کە دژ بەشیوازی گرتن و زیندانی کردنی کەمالی سەید قادر وەستاین، بروانامەی دۆستی یەکێتیان پێ بەخشین، کە دژ بە تەقەکردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرامبەر خەلکی هەلەبجە وەستاین بوین بەداردەستی پارتی، ئێستاش هەر ڕۆژەی بیانوو چیرۆکێک بۆ چاک و ئەندامە ماندونەناسەکانی دروست دەکرێت و هەولدەدرێت لە بڕی کارو چالاکیدا، بخزێتە نێو ئاستێکی نزمی ململانێکردندا.

یەکێک لە سیماکانی کۆمەلگای کوردی ئەوەیە، ڕەخنە گری زۆرە بەلام تێکهەلکێشکردنی ئەو ڕەخنانەی بە کاری مەیدانیەوە کەمە، وەک ئەوەی تەنیا مافی هەیە و ئەرکی لەسەر شان نیە؟؟؟؟ بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نمونە دارو بەردی گلەیی لە دەسەلاتی کوردی دەکەن، بەلام ئایا چەندی ئامادەیە لە خۆپیشاندانێک یان نارەزایەتیەک دژی بێتە مەیدان؟؟ ئەو هەموو نوسەرە کە میک دەگرێت لە میدیاکاندا یان لەسەر تاوانەکانی ئەنفال و هەلەبجە ووشەکانی لە بابەتێکدا ریز دەکات، کە چی زۆر بەدەگمەن دەیان بینی لە یەک سالْدا و لەیەک خۆپیشاندان، یەک کاتژمێری خۆیانی بۆ تەرخان بکەن، بە بیانوی نەبونی کاتدا؟؟؟، لەکاتێکدا بۆ بچوکترین پێداویستی خۆی، بەهەفتە مۆلەت لەشوێنی کارکردنی وەردەگرێت. ئەم هاوکێشەیە سەیرەش بەدەر نیە لە چاکدا. هەربۆیە ئەوانەی کارو چالاکی دەکەن کەمترین رەخنە یان هەیە، چونکە لەنێو بواری مەیدانی کارەکاندان ودەزانن چالاکیەکان چۆن دەچێتە پێشەوە، وە هەموو کات مرۆڤ دەتوانێت جوانترین دروشم دابرێژێت، بەلام پیادەکردنی ئەو دروشمە لەگەل واقیعدا زۆر جیای لێدەردەچێت؟

.

یەکێک لەو رەخنانەی کە زۆر جار لە چاک دەگیرێت، کە قورسایی کارەکانی، داوەتە مەسەلە سیاسیەکان. بەندە بەهۆی ئەوەی یەکێکم لە ئەندامانی راگەیاندنی ئەم رێکخراوە، بە پێویستی دەزانم ئەوە بلێم کە هەقە بەویژدانەوە ئەم مەسەلەیە قسەی لەسەر بکرێت، بە دوکۆمێنت و زانیاریدان رەخنەمان لێ بگیرێت؟؟. بۆ وەلامدانەوەی ئەم تێروانینە ئەگەر سەیری سەرجەم قورسایی کارو چالاکیەکانی چاک لە 6 سالی رابردودا بکەین ئەوا کەمپین و خۆپیشاندان بووە، بۆ ناساندنی دۆزی کۆمەلکوژی گەلی کوردستان بە جینۆسایددا وەک

1/ کەمپین بۆ دادگایی کردنی جەلادی ئەنفال نزار خەزرەجی 2002 وە خۆپیشاندانی 2002/03/16 لە کۆپنهاگن لەگەل کۆمەلێک رێکخراودا.

2/ خۆپیشاندان شاری بە غدا 2003 دوای روخانی رژێمی بەعس کە ئامانج ناساندنی تاوانی ئەنفال بوو لەبەردەم میدیا کانی جیهانیدا.

3/ کەمپین و چالاکی بۆ هاریکاری کردنی دادگای هۆلەندی دژ بە فرانس ڤان ئەنرانت 2004

4/ کەمپین بۆ رسواکردنی حکومەتی میسر سەبارەت بە فرۆشتنی 18 کچی کوردی ئەنفال بۆ هەمان ولاتەوە لە مانگی 3 و 4 /6 200

5/ کەمپین بۆ ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید لە رۆژی یەکەمی دادگایی سەدامدا 2006/8/21 لە چەندین ولاتی ئەورپی کەبەرای بەندە توانرا هۆشیاریەکی سیاسی وراگەیاندنی گەورەی بۆ بکرێت.

6/ کەمپینی چاک سوێد لە کۆتایی مانگی 2006/10 تائیستا بەردەوامە کە بۆ دان پیانانی پارت و ئەندام پەرلەمانەکانە تا ئەنفال بە جینۆساید بناسن.

7/ سکالا تۆمار کردن لەسەر دارێژەری بیری ئەنفال وەفیق سامەرائی لە کۆتایی 2006 دا.

8/ کەمپین بۆ دادگایی کردنی ئەو سەرۆک جاشانەی کە بەشدار بون لە تاوانی ئەنفالدا لە مانگی 2007/7دا

9/ یادکردنەوەی سالانەی ئەنفال، هەلەبجە، قارنی و قەلاتان سەردەشت، عامودە....

دواتر ئەگەر هەموو ئەو بەیانامانەی لەسەر رەوشی پێشێلکاریەکانی ئازادی سیاسی ومافی مرۆڤ کۆبکەیەنەوە، ناگات بە ئاستی تەنیا کەمپینی 2 مانگەی خۆپیشاندانەکانی 2006/ 8/21 کە نزیک بە 30 بەیانامە ی هەمە جۆری دەرکرد.

وە کە نوسەرێکی وەک کەمالی سەید قادر شوێن بزردەبێت و دواتر30 سال زیندانی دەکرێت یان رۆژانە رۆژنامەنوسان بەبیانوی ناوزراندنی بەرپرسان دەدرێنە دادگا و بە تەنیاپاسایان لەسەر دەچەسپێ؟؟؟. نازانم تاوانەکەی لە کوێدایە ئەگەر چاک هەلوێستی خۆی هەبێت؟؟؟. یان کاتێک خۆپیشاندان دژ بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تۆپبارانی ئێران/ تورکیا و شوانەی سەید قادر و بیکەر هاملتۆن، ئازادی بۆ عەدنان حەسەن پۆر وهیوا بوتیمار لەگەل رێکخراو پارتە سیاسیەکانی تر ئەنجام دەدات، هەلە سیاسیەکەی لەکوێ دایە؟؟؟ لێرەدا پرسیارەک دێتە پێشەوە کە ئایا خۆشی وناخۆشیەکانی کۆمەڵگاو دەسەلاتی کوردی کاریگەری نیە لەسەر ئێمە؟؟ مەگەر ئێمە بەشیک نین لەکۆمەلگای کوردیدا؟؟

ئەمە جگە لەوەی بە پێ ی برگەی 19 و 20 بەرنامەی چاک کە باس لەوە دەکات، خەبات دەکات بۆ داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ لەکوردستاندا و هەوڵی پیادە کردنی بەندەکانی مافی مرۆڤی جیهانی دەدات. لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە کاتێک سەدان ڕیکخراو دەبنە ستایش کەری حزب و سەرۆک زۆر بەئاسایی تێدەپەڕیت بەلام بەرەخنە گرتن لە دەسەلاتی سیاسی چاک بە رەو رەخنە باران دەکرێت.

پێشم وایە ئەوەی چاکی بردۆتە پێش و ڕەونەقی کردوە، لەنێو تاریکی سەدان ڕێکخراوی مەدەنی تردا لەکوردساتان و هەندەراندا، 2 خاڵی گرنگێتی کە (شۆڕشگێڕێتی لە هەڵوێستا ومەیدانی بوونێتی لە کارو چالاکیدا)، بۆیە تا لەسەر ئەم هاوکێشە بوەستێت دڵنیام سەرجەم فشارە هەمە رەنگەکان لەبەرامبەری دەپوکێتەوە.

پێشم وایە هەموومان هەست بەوە دەکەین چاک قۆنا خ و هەنگاوی گرنگی بریوە و چاوی زۆر لایەن و کەسایەتی لەسەرە، کێشەی نارێکخراو بوونی هەیە، کەسانی تیۆری و دروشم دەری لە ئاستی بەرز دایە، بەشێک لە کلاسیکەکانی چاک، ناتوانن هەزمی ئەو دەنگە گەنجانە بکەن، کە هەوڵ دەدات لە بڕیاردانی چاک نزیک بێتەوە، دابین کردنی دارایی بۆ چاک کە پێداویستیەکی سەرەکیتی بۆ بەرەو پێش بردنی کارەکانی، لێپرسینەوەی ئەو ئەندامانەی لە هەر پلەیەک دان کە سەرکەوتوانە کارەکانیان بەرێوە نەبردوە، لەسەروی هەموو ئەمانەش دەبێت گەورەترین رەخنە لە خۆمان بگرین کە لە6 سالی رابردودا نەمان توانیوە لە نێو بنەمالە و قوربا نیانی خەلکی ئەنفالکراو دا، نوێنەری راستەقینەمان هەبێت و قورسایی کارو چالاکیەکانمان لە بڕی پایتەختەکانی ئەورپا لە سمود وشۆرش و چەمچەمال و بارزان و شێخ وەسانان بوایە. بۆیە بۆ سەرجەم ئەم خالانەو دەیان خاڵی تر کۆنگرە باشترین پێوەرە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دەربرینی ئازارەکان.

هەموشمان دەزانین ئەگەر مرۆڤ هەست بە وە دەکات ڕاستیەکانی لایە دەتوانێت لەکۆنگرە یەکلای بکاتەوە، بێگومان ئەم ناوەندەش نە دەتوانی دۆلار بارانی ئەندامانی بکات تا دەنگ بکرێت و بفرۆشێت، نە دەزگای زانیاری وپاراستن و دەسەڵاتی هەیە، کە نەتوانین تێبینی و رەخنەکانمان دەربڕین، نەئەندامەکانیشی ئەوەندە سادەن کە چەند کەسێک چەواشەیان بکات، وە ئەوەی هەر ئەندامێک هەیەتی تەنیا هەڵسەنگاندنی کارو چالاکی و دلسۆز بونێتی لە ماوەی پێشویدا، بۆیە دلنیام ئەوانەی بوێرن و لە پلەکانی خۆیان ناترسن ئەوا کۆنگرە لوتکەی چاکسازیە کە ئەندامەکانی لە سەرپەرشتیارەوە بۆ ئەندامێک ئالوگۆر پێدەکات وە لە یەکەم دێرەوە بۆ کۆتایی بەرنامەو پەیرەو پرۆگرامی دەتوانێت دەستکاری بکات. بەهیوای ئەوەی چاکێکی مۆدێرن و چالاکترو نەوەیەکی نوێی دەنگ گەنجانە تر لە مانگی 12 ی ئەم سالدا بگاتە بریاردەری چاک.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.